# چاوەڕوانی زۆری دەنگدەران و چوار ساڵی دژوار بۆ حەسەن روحانی

سەرکەوتنی حەسەن روحانی دەتوانێت هەلێک بێت بۆ بەجێهێنانی ژمارەیەک لەو بەڵێنانەی داونی، وەک کرانەوەی زیاتری بواری سیاسی و گرنگی دان بە ئابووری ئێران، ئەو بەڵێنانەی دیبەیتەکانی گەرمکرد و چوار ساڵی داهاتوویان بۆ روحانی دژوار کرد.

حەسەن روحانی بە بەدەستهێنانی زیاتر لە 57% دەنگەکان سەرکەوت، روحانی لە خولی پێشودا تەنیا 51% دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، جیاوازییەک کە دەتوانێت هەلێک بێت بۆ تەواوکردنی ژمارەیەک لە سەرکەوتنەکانی خولی پێشوو. روحانی لە کارنامەی خولی یەکەمی سەرۆک کۆماریدا دوو سەرکەوتنی بەرچاوی هەبوو، یەکەم کۆتایی هێنان بە ئالۆزییەکان و رێککەوتنی ناوەکی، سەرکەوتنێک کە توانی تا ڕادەیەک لە ساردیی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمەریکا کەم بکاتەوە. دووەم سەرکەوتن رزگارکردنی ئابووریی ئێران لە هەڵاوسانی 35% بۆ کەمتر لە 10%، بەڵام ئەم سەرکەوتنە لە نەبوونی بنەمایەکی ئابووری تەندروستدا هیچ ئەنجامێکی نەبووە و ڕەونەقی ئابووری و هەلی کاری لێنەکەوتووەتەوە، ئەمانە خاڵی لاواز بوون لە کارنامەی حکومەتەکی روحانیدا.

DW

BBC فارسی

ئاژانسەکان

FOCUS

بەشێکی زۆری دەنگدەران بەڵێنە ئابوورییە پۆپۆلیستییەکانی ڕکابەرەکەی روحانیان رەتکردەوە، بەڵام ناکرێت پێشبینی بکرێت کە ئەو دروشمانە، گرنگترینیان رەخساندنی پێنج ملیۆن هەلی کار لە ماوەیەکی کەمدا بە شکستی ئیبراهیم رەئیسی نەمێنن.

ئەوەی لە دیبەیتەکاندا زیاتر لە هەموو بابەتەکان جێی سەرنج بوون، قەبارەی تۆمەتەکانی گەندەڵیی ئابوورییە کە رکابەرەکان ئاراستەی یەکتریان دەکرد، بە هەدەردان و دزینی ملیاران بوو، کە ئەمەش زیاتر لەسەر توندڕەوەکان کەوت. لە چوار ساڵی داهاتوودا پێویستە روحانی بەلایەنی کەمەوە بتوانێت تا ڕێژەیەک ئەم گەندەڵیانە کۆنترۆڵ بکات، کارێکی دژوار، کە بە توندی دژی دەوەستنەوە.

لەم خولەدا سـەرۆک کۆمار رووبـەڕووی کێشەی ئابووریی زۆر دەبێتەوە، ئەو کێشانەی کە نە لە چوار ساڵی رابوردوودا دروستبوون و نە لە چوار ساڵی داهاتوودا چارەسەر دەکرێن.

سیاسەتی دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزیی لەگەڵ هاوسێکان بە تایبەتی ئیسرائیل و رۆژئاوا سەنگەرێکی ترە، کە سەرکەوتنی روحانی ئاسان نابێت. سەرکەوتنی روحانی لەم بوارەدا کلیلی رەونەقی ئابووری و راکێشانەی سەرمایەی زیاتر و هەلی کاری زیاترە. حەسەن روحانی لە چوار ساڵی رابوردوودا لەم بورەدا هەوڵیدا، بەڵام ئەنجامی باشی لێنەکەوتەوە. سەرکەوتنی روحانی هێشتا گەرەنتی ئەوە نییە، کە موشەکەکانی سوپای پاسداران لە چوار ساڵی داهاتووشدا بە دروشمی لەناوچوونی ئیسرائیل لە ئاسمانی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا گرفت دروست نەکەن.

گرنگتر لەوە ناکامیی روحانی لەبارەی بەڵێنەکانی مافی مرۆڤ و کرانەوەی فەزای سیاسی و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵگە بوو. روحانی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵیدا لەم بـوارەدا لە شێوەی هێرشکردندا مانۆڕ ئەنجام بدات.

لە چـوار ساڵی داهـاتـوودا روحانی رووبـەڕووی ئەو خەڵکانە دەبێتەوە کە چاوەڕوانی زیاتریان لێی هەیە، هەروەها رووبەڕووی توندڕەوەکان دەبێتەوە، کە بەهۆی شکستەکەیانەوە بە قوڵی بریندار بوون و بە هەموو توانایانەوە هەوڵدەدەن سەرکەوتنەکە لە روحانی تاڵ بکەن.

ئیبراهیم رەئیسی رکابەری روحانی (15) ملیۆن دەنگی هێناوە، ئەمە ژمارەیەکی کەم نییە. دوو رکابەرە سەرەکییەکە (روحانی و رەئیسی)

**حـــەســـەن روحـــانـــی بە بەدەستهێنانی زیاتر لە 57% دەنگەکان سەرکەوت، روحانی لە خولی پێشوودا تەنیا 51% دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، جیاوازییەک کە دەتوانێت هەلێک بێت بۆ تەواوکردنی ژمارەیەک لە سەرکەوتنەکانی خولی پێشوو**

دوو رێرەو، دوو ستراتیژی جیاوازیان بۆ بەرێوەبردنی وڵاتەکە خستە بەردەم دەنگدەران و ئەوانیش ئەوەی دەیانویست هەڵیانبژارد.

ئێستا ئەوە روحانییە پێویستە نیشانی بدات، کە چۆن و بە سوود وەرگرتن لە کام ئامراز و سەرچاوەی هێز دەتوانێت لە سنوردارییەکانی بواری سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە. پێویستە روحانی نیشانی بدات، کە دەیەوێت دژی گەندەڵی رێکخراو لە ئابووری ئێراندا دەوەستێتەوە، لە بەرامبەر ئۆرگانە ئابوورییەکانی سوپای پاسداران پارێزگاری لە کەرتی تایبەت بکات و ئەو باجانەی لە ئۆرگانەکانی سەر بە باڵاترین مەرجەع لە ئێران وەرنەگیراون، وەربگرێت.

هەروەها ئەوەی کە روحانی لەلایەن رابەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە (ئایەتوڵڵا خامنەیی) پشتیوانیی دەکرێت، یان دژی دەبێت؟ پرسیارێکە تا کۆتایی ئەم خولە وەڵام نادرێتەوە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە، کە شکست بەردەوام تێچوونی هەیە. تێچووی شکستی رەئیسی دەتوانێت ببێتە هۆی ناکۆکی زیاتر لە ناو موحافیزکارەکاندا.

## ڕێژەی دەنگەکان بە ملیۆن




## سەرکەوتنی ڕوحانی، کاردانەوەی خامنەیی: خولی دووەم ئارام یان تۆفان؟

دوو هەفتەی گەرم و گوڕی بانگەشەی هەڵبژاردن مژدەی ڕۆژێکی ئارامی دوای ڕاگەیاندنی کاندیدی سەرکەوتووی نەدەدا، بەڵام وابوو. بێدەنگی و سەرسوڕمانی ڕکابەری سەرەکی، پەیامەکان و فەزای دوای هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکە گوایە دەبێت ڕۆژانی زیاتر تێپەڕن تا هەردوولا و لایەنگرانیان بیرەوەری دیبەیت و وتار و دروشمەکان لەبیربکەن. ئەو وتانە و ئەو ڕۆژانە لەوانەیە کاریگەریان بەم زوانە نەڕەوێتەوە و گەڕانەوە بۆ سنورەکانی ڕابوردوو بە ئاسانی مومکین نەبێت.

چوونی ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ ناو کێبڕکێکانی هەڵبژاردن، لە سەرەتاوە ڕکابەری سەرەکی حەسەن ڕوحانی دیاریکرد و کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکان جێهێشت و کارەکەی بە شوێنێک گەیاند، کە کەم کەس چاوەڕوانیان دەکرد: ڕوحانی بۆ سەرکەوتن و ڕاکێشانی دەنگدەران ڕوخسارێکی نوێی لە خۆی نیشاندا و لە زۆرێک لەو هێڵە سورانە تێپەڕی، کە کاندیدەکانی تری سەرۆک کۆماری لەبەرچاویان گرتبوون.

فەزای بە دوو جەمسەر بووی کۆمەڵگە و سیاسەت، ڕکابەرەکەی ناچار بە چەند کارێک کرد، کە تا بەر لە ڕوودانیان کەس چاوەڕوانی ڕوودانیانی نەدەکرد. دەرەنجامی ئەو دۆخە و ئەو ئاشکراکردنانەی کە تا ئەو کاتە بێوێنە بوون، دەریانخست کە گەندەڵی سەرجەم بوار و ئاستەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی گرتووەتەوە، لە کۆتاییدا حەسەن ڕوحانی سەرکەوت و ئوسوڵگەراکان شکستێکی گەورەیان خـوارد، کە دوای هەڵبژاردنەکانی سـەرۆک کۆماری ساڵانی 1997 و 2009 جارێکی تر مەترسی چوونە ناو کێبڕکێکان بە کاندیدێک ڕووبەڕوویان بووەوە. دوو ئەزمونەکەی ڕابوردوو ئەنجامی تاڵیان لێکەوتبووەوە و ئەزمونی سێیەمیش لەگەڵ سەرجەم هەوڵەکان دەرەنجامی جیاوازی لێنەکەوتەوە.

هێشتا ئوسوڵگەراکان لە شۆکی هەڵبژاردنەکان و دەرەنجامەکەی تێنەپەڕیون و بە ئەگەری زۆری چەند مانگێک دەخایەنێت بۆ ئەوەی بتوانن دوبارە خۆیان بدۆزنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پەیامی (ئایەتوڵڵا خامنەیی) نیشانیدا، کە حەسەن ڕوحانی لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیدا سەردەمێکی دژوار و ئاڵۆزی لەبەردەمدا دەبێت. ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەمان ئەو ڕێژەیەی خۆشحاڵی خۆی بە بەشداری

هاوڵاتیان لە دەنگداندا دەربڕی، بەڵام پیرۆزبایی لە کاندیدی سەرکەوتوو نەکرد.

لە بەرامبەردا حەسەن روحانی لە یەکەم وتاریدا دوای سەرکەوتنەکەی چەند جارێک پێزانینی خۆی بەرامبەر ئایەتوڵڵا خامنەیی و رۆڵی ئەو لە هەڵبژاردنەکاندا دەربڕی، بەڵام سوپاسی روحانی بۆ خاتەمی و رێزی بۆ ئەکبەر هاشمی رەفسنجانی لە رێژەی کاریگەری دڵنەواییەکانی بۆ رابەری کۆماری ئیسلامی کەمدەکاتەوە.

بەڵام حەسەن روحانی تەنیا ئەم دژوارییانەی نییە، روحانی لەلایەکەوە پێویستە ئەوانەی دەنگیان پێداوە دڵنیابکاتەوە، کە بەڵێنەکانی دەباتەسەر، لەلایەکی تریشەوە پێویستە برینی شکستی رکابەرەکەی چارەسەر بکات، کە لەگەڵ ئەوەی شکستی خواردووە هێشتا زۆرێک لە دامەزراوە سەرەکییەکانی وڵاتیان لەدەستدایە و دەتوانن لە مانگەکانی داهاتوودا کێشەی بۆ دروستبکەن.

**ئێستا ئەوە روحانییە پێویستە نیشانی بدات، کە چۆن و بە سوود وەرگرتن لە کام ئامراز و سەرچاوەی هێز دەتوانێت لە سنوردارییەکانی بواری سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە. پێویستە روحانی نیشانی بدات، کە دەیەوێت دژی گەندەڵی رێکخراو لە ئابووری ئێراندا دەوەستێتەوە**

## • بەرنامە و بەڵێنەکانی حەسەن روحانی بۆ چوار ساڵی داهاتوو چین؟

حەسەن روحانی لە کۆتا هەفتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا کۆمەڵێک دروشمی بەرزکردبووە و کۆمەڵێک بەڵێنیشیدا و کۆمەڵێک بەرنامەی بۆ چوار ساڵی داهاتوو راگەیاند، لێرەدا ژمارەیەکیان دەخەینەڕوو:

- بەرنامەیەک بۆ چارەسەری بێکاری: پاڵپشتی کارگە بچوک و مامناوەندەکان و کۆمپانیا نوێیەکانی بواری ئینتەرنێت، راکێشانی سەرمایەی ناوخۆ و دەرەوە، پشتیوانی لە کەرتی گەشتوگوزار.
- بەرنامەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی: بەردەوامی سیستمی گشتگیری دابینکردنی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی سێ قۆناغی بۆ بەرزکردنی ئاستی خۆشگوزەرانی بۆ ئاستی ستاندارد.
- بەرنامە بۆ راکێشانی سەرمایە: راکێشانی سەرمایەی دەرەکی بە کەم بەکارهێنانی وزە و وەرگرتنەوەی هەڵە لە دەستچووەکان لە تورکیا و ئیمارات و قەتەر.
- لەبارەی رێککەوتنی ناوکییەوە: بەردەوامی سود وەرگرتن لەو رێککەوتنە، بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا.
- لەبارەی ژنانەوە: رەتکردنەوەی پاکتاوی رەگەزی و پێدانی هەلی یەکسان بە ژنان و پیاوان.
- چارەسەر کردنی گرفتی شوێنی نیشتەجێبوون.
- پەیوەندییە دەرەکییەکان: ماماڵەی گونجاو بۆ هەناردەکردن و دوورکەوتنەوە لە گرژی. دروستکردنی کەلێن لەنێوان زلهێزەکان و رێگری لە کۆدەنگیان دژی ئێران. وەرگرتنی داهێنانی کار لە ئەمەریکا و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەورووپا.
- سیستمی تەندروستی: بەردەوامیی دڵنیایی گشتی، جێبەجێکردنی بەرنامەی پزیشکی خێزان.
- حزبەکان و ئازادی مەدەنی: دابینکردنی ئاسایشی زانکۆ، دەستوەرنەدانە ژیانی تایبەتی هاوڵاتیان، نەهێشتنی فەزای ئاسایشی، جێبەجێکردنی مافی هاوڵاتی بوون و فراوانکردنی بەشداریی سیاسی.
- نەتەوە و کەمایەتییەکان: رێزگرتن لە نەتەوە ئێرانییەکان و فرەیی مەزهەبی و ئایینی.